# پەیپێبردن وەک بنەمای شاوەچەبوون لە سیمانتیکی درکپێکردندا

**پ.ی.د.کاروان عومەر قادر، م.ی.ڕێبوار احمد نبی**
زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی زمان /بەشی کوردی
(rebwarahmed25@yahoo.com)

**الملخص**

هذا البحث المعنون بـ(المنظور كأساس النموذج في الدلالة المعرفية) محاولة لدراسة التصنيف والنموذج بصورة عامة والمنظور كبعد الأساسي لرؤية نموذج الصنف في الدلالة المعرفي.

تتألف البحث من مقدمة وفصلين، أضافة الى النتائج والمصادر مع مختصرين باللغتين العربية والأنجليزية.

تناول البحث اد بنا الى؛ ان التصنيف يبنى على اساس المعنى، اذا في هذا الاطار تصور المفاهيم يكون في تجديد، ورؤية الفئات وادراكهم كنموذج في المنظور تكون ديناميكيا تحت تجربة الفرد ضمن الثقافة في حدود المجتمع اللغوي. هذه هي طبيعة معرفة العقل للفئات، والرؤية الصالحة للتطبيق في منهج التعليم اللغوي.

**Abstract**

This dissertation under the title “prototype perspective in cognitive semantics” is an empirical analytical investigation addressing the realization of prototypes as typical examples of categories and concepts within cognitive semantics in language in general and Kurdish language.

this research includes three major chapters, concludes that; categories through some cultural and dynamic processes turn to prototypes within the boundaries of a speech community. This illustrates the nature and way the mental/cognitive abilities work with regard to classifying the types and categories which also seem applicable to the teaching programs.

**پێشەکی:**

لە پرۆسەکانی ئاخاوتن و لێکۆڵینەوەی زماندا، گرنگیی پۆلێنکردن و بە نموونەبوون بە چەشنێك دەست لێ هەڵنەگیراوە، لابۆڤ پێی وایە؛"گەر بکرێت زانستی زمان بە تەنها شتێك دابنرێت ئەوا ئەو شتە توێژینەوەی بەکاتیگۆریکردنە، واتە؛ لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی وەرگێڕان و گواستنەوەی واتا بۆ دەنگەکان، ئەمەش لەمیانەی وەرگێڕانی واقیع بۆ یەکە لێك دابڕاو و پۆلی یەکەکان دەبێت"(Labov,1973:342). ج.لاکۆفیش وا سەیری پەیوەندیکردنی نێوان کەسەکان دەکات؛ کە "گەیشتنی مەبەست وتێگەیشتنی زانیارییەکان پەیوەستە بە چەشن و لەباریی درکپێکردنی کاتیگۆریی بەنموونەکراوی پۆلەکان"(G. Lakoff, 1990: 41).

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بۆ "**پەیپێبردن وەک بنەمای شاوەچەبوون لە سیمانتیکی درکپێکردندا**" تەرخانکراوە. مەبەست لەم توێژینەوەیەدا، خستنەڕووی قوتابخانە و ڕێبازە سەرەکییەکانی پۆلێنکردنە وەک کردەیەکی تێکچڕژاو لەگەڵ پرۆسەی ئاخاوتن لای مرۆڤ.

دوای خستنەڕوو و شرۆڤەکردنی هەردوو ڕێبازی پێشین لە پۆلێنکردندا، دەرخستە و ڕوانگەی نوێتری درکپێکردن، لە پرۆسەی پۆلێنکردن و بە کەرەستەی زمانی کوردی تاوتوێکات و بیخاتەڕوو.

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی پەسنی شیکاری گیراوەتەبەر و لە چوارچێوەی زانستی زمانی کارەکی سوود لە فۆرمی ڕوومالّی مەیدانی وەرگیراوە. کەرەستە و پەرێزی توێژینەوەکەش بریتییە لە زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە؛ بەشی یەکەم بۆ شرۆڤەی ڕوانگە و بنەما تیۆری و گرفتەکانی هەریەکە لە ڕێبازەکانی"پێشین" و "تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی" تەرخانکراوە. بەشی دووەمیش ناساندن و خستنەڕووی بنەماتیۆرییەکان و دەرخستەکانی قوتابخانەی درکپێکردن لە پرۆسەی پۆلێنکردن و جێبەجێکردنی لە زمانی کوردی لەخۆگرتووە. شایەنی تێبینییە، کە ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەیەکی هەڵهێنجراوە (مستەلە) لە نامەی ماستەری (پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا)، کە لە ساڵی (٢٠١٥) لە زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب گفتوگۆ کراوە و وەک خۆی وەرگیراوە.

**١) پۆلێنکردن و نموونە بەر لە زانستی زمانی درکپێکردن:**

لە تێڕوانینی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، ئەرکی بنەڕەتیی زمان بریتییە لە پۆلێنکردن، بەڵام پرسی پۆلێنکردن لە فەلسەفەی گریکیی کۆنەوە دەست پێدەکات و قۆناغی جیاواز دەبڕێت، کە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت سێ ڕێبازی سەرەکی جیابکرێنەوە:

- **ڕێبازی پێشین.**
- **تیۆری نموونەی بنەڕەتی ئاوەزی.**
- **پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردندا.**

**١/١) تیۆری پێشین:**

دەستپێکی ئەم ڕێبازە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە٢٠٠٠ساڵ و لە فەیلەسووفانی گریك و بەتایبەت لە ئەرستۆوە[١]دەخرێتەڕوو و ئەم تێڕوانینە، تا پێداچوونەوەکانی (فنگنشتاین) لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و دواتر دەرکەوتنی ئەنجامی توێژینەوە تاقیکارییەکانی (ڕۆش)[٢] و هاوکارانی بەردەوام دەبێت(Lacoff,1987:11).

لەم پێڕەوەدا 'کە بە تیۆریی پێناسیش ناوبراوە'(Azad,2014:38)، پێناس و تایبەتمەندییەکانی دەفری واتایی 'میتافۆریانە' بەسەر پۆل و کاتیگۆری جێبەجێکراون، پۆل بریتییە لە 'دەستەی شت یان ڕووداو یا دیاردەکان، کە پەیوەستن بە جۆرێکی دیاریکراو'(ینس الوود و..،١٧:٢٠١٢) و هەر کاتیگۆرییەک دوو هەڵبژاردەی هەیە،'یان لەناوەوەی پۆلدایە، یان دەکەوێتە دەرەوەی پۆل'(Lacoff,1990:52). بەمجۆرەش جیهانی بوون دەبێت بە پۆلێکی گەورە و لە پۆلی بچوکتر پێك دێت.

**١-١/١)پێکهاتەی پۆلەکان:**

لەم قوتابخانەیەدا و لە پرۆسەکانی پۆلێنکردندا، چەند چەمکێکی سەرەکی ڕۆڵ دەگێڕن، دیارترینیان؛ پۆل و ئەندام. پۆل وەک گشت[٣] و ئەندام وەک بەش[٤] ، لە پەیوەندیی نێوان بەش و گشتیشدا، دوو ئاراستە بەدی دەکرێت:

---

1 "Aristotle,385-271"
2" EleanorRosch"

٣ (ئەرستۆ،٢٠٠٩) وشەی "Holon"ی بۆ گشت بەکارهێناوە.

٤ (ئەرستۆ،٢٠٠٩) وشەی" meros " بۆ بەش بەکارهێناوە.

**ا-ئاراستەی هاونشینی:**

پەیوەندیی هاوپۆلبوونی وەچەکانە، کە وەچەکاتیگۆرییەکان پەیوەست بەیەکتر دەبن، گەردوون بەسەر(دە) کاتیگۆریدا دابەش دەبێت(ئەرستۆتالیس،٢٠٠٩:٢٩١-٢٩١. مەجدی ،٢٠١٤:١٨٣).

**ب-ئاراستەی جێنشینی :**

بەپێی چوارچێوە و مەبەست پۆلەکانیش دەبن بە دوو جۆر؛ پۆلی فراوان و پۆلی هێز، فراوان ئەو پۆلەیە، کە پانتایی بوار دەگرێتەوە لە گوزارشتکردندا، هەروەك پۆلی هێز جەختکردنەوە و چڕکردنەوەی تیشکۆیە لەسەر مەودایەک لە فراوانیی بوار(ینس الوود و..،١٨،٢٠١٢:١٧)، وەچەکانی پۆلی هێز دەبنەوە بە وەچە لە پۆلی فرەوان:

بەمەش کاتێك A ئەندام بێت لە پۆلی B و B یش ئەندام بێت لە پۆلی C ئەوا A یش دەبێت بە ئەندام لە پۆلیC (مەجدی،٢٠١٤:٣٨)، وەک لە نموونەی ژمارە(١)دا، بەدیدەکرێت:

نموونە(١):

ورچ > گۆشتخۆر

گۆشتخۆر > مەمکدار

مەمکدار > بڕبڕەدارەکان

بڕبڕەدارەکان > گیانەوەر

ورچ پۆلەکاتیگۆرییێکە، کۆمەڵێک سیما کۆیان دەکاتەوە و دەبن بە بەشێک لە گۆشتخۆرەکان، گۆشتخۆرەکانیش لە مەمکدارەکان و...،...، ورچ بەشێکە لە گیانەوەران.

ئەم بەئەندامبوونی پۆلانە تەنها پەیوەستە بە مەرجی لۆژیکیی ئەرستۆ و لێکەوتەی تێڕوانینی بنەما فەلسەفییەکان بۆ نەخشە و پێکهاتەی دەفر نەک دەرەنجامی توێژینەوە و بەڵگەی تاقیکراوە(Lacoff,1990:53).

**٢-١/١)سیماکانی پۆلێنکردن لە ڕێبازی دێریندا:**

لە تێڕوانینی قوتابخانەی دێریندا بۆ پۆلێنکردن، کۆمەڵێک بنەمای فەلسەفی دەبن بە مەرج بۆ هاوپۆلبوونی کاتیگۆرییەکان، کە دەتوانرێت لە (٤)خاڵدا پوخت بکرێنەوە:

١-ئەندامبوون بەپێی کۆمەڵێك سیما دەبێت، کە یەکەیەکەیان ناچاری و بە تەواوی بەمەرج کراون وسیماکان بەشێوەی دوانە جیاکراونەتەوە ± مەرجە(هەر)ئەندامێك پەیوەست بێت پێیانەوە و ئەم سیمایانە بە جەوهەری شتەکانەوە پەیوەستن، هەر بوونێك یان سیماکان هەمەکی هەڵدەگرێت و دەبێت بە ئەندام یان لە دەرەوەدا دەمێنێتەوە.

٢-ئەندامانی پۆل یەکسان و چوون یەکن، چونکە لە هەڵگرتنی سیماکاندا وەکیەکن و پلەبەندی و کاتیگۆری باشتر لەئارادا نییە.

٤-سنووری پۆلەکان ڕوون و دیاریکراوە و بەناویەکداچوون لە نێوان دوو پۆلدا ڕوونادات و هیچ بارێکی ناڕوون و گریمانەیی جێگای نابێتەوە(JOHN R. TAYLOR, 1995:23) .

ئەم پێوانە دوانەییە [± ]لەسەدەی بیستەمدا، یاکۆبسن[٥] لە توێژینەوەی دەنگسازیدا ، لە میانەی جیاکردنەوەی دەنگەکان وەک؛ [±دەنگدار ،] [±بەرز ]و دواتر لە واتاسازیدا،لە واتای وشە' لە لایەن "کاتز و پۆستال جێبەجێکران،

٥ بۆ زانیاری لەبارەی ئەم پێوانە دوانەییە لای یاکۆبسن، بڕوانە(افیتشا،٢٠٠٠:٢٥٥-٢٥٨)

(Katz and Postal,1964) و کرایە بنەمای جیاکردنەوەی وشـەکان، وەک لە نموونە(٢)دا، لە جیاکردنەوەی نیشـانە واتاییەکانی وشەی (/سەڵت/) بەدیدەکرێت:

نموونە(٢)، نیشانە واتاییەکانی سەڵت :

سەڵت +مرۆڤ + نێر + هەراش + پرۆسەی خێزانداریی ئەنجام نەدابێت

هەریەکە لەم سیمایانە پەیوەست بە پۆلێنی دێرین بەیەکەوە مەرج بوون بۆ سەڵت و بێی هەریەکێکیان سەڵتبوون نایەتەئارا(Taylor,1995:25.30).

**٣-١/١)گرفتەکانی ڕێبازی پێشین:**

فەلسـەفەی دێرین لە بیرکردنەوە و تێگەیشـتندا هیچ ڕۆڵێك نادات بە وێناکردن وپشـتگوێی دەخات و لەبەر کۆمەڵێك هۆکار ئەندێشـە و سـۆز نابابەتی و نازانستی دەبینێت و لەئەنجامدا چەند دوانەیەك:(ئاوەز – جەستە، بیر – ئەندێشە، زانست – هونەر، تێگەیشتن – سۆز،...هتد) دێنەئارا و جەخت لەسەر یەکەمیان دەکرێتەوە و بە بابەتی سەیر دەکرێت و دوەمیان ڕەتدەکاتەوە و بە خۆیەکی سـەیر دەکرێت و داوای خۆ لێ ڕزگارکردنی دەکرێت، کە توێژینەوەکان لە بوارەکانی زمان و فەلسـەفە و دەرونزانی دا زاراوەی خۆیەکێتی یان بۆ بەکارهێناوە، وای دەبینن دروسـتەیەکی براوەی ڕەها هەیە بۆ ڕاسـتی/هەقیقەت و جیهانی دەرەوە و سـەربەخۆ لە نەریتەکانی مرۆڤ و دەبێت بیرکردنەوەی بابەتی تەنها پەیوەست بە لۆژیك بگیررێتەبەر(Lakoff, G and Mark Johnson, 1980 ).

گەر ئەم بنەمایانە تاقی بکەینەوە دەبینین نە ڕاستەقینەی شتەکان و نە ئەزموونی مرۆڤ بۆ واقیع و کارلێککردنی لەگەڵی دا پەیوەسـت نین پێیـانەوە و درککردنی مرۆڤ نە ڕەچـاویـان دەکات و نە زۆربەی کـاتیش لە پۆلێنکردنـدا پێیانەوە پەیوەسـت دەبێت، بۆیە ئەم ڕێبازەی پۆلێنکردن شـایانی پشـت پێ بەسـتن و کارپێکردن نییە و لەگەڵ سـرووشـتی پۆلێنکردنی مرۆڤدا پێکەڵ نابێت (لطیفة،٢٠٠٤:١٠. Azad,2014:38)، بۆ نموونە گەر سـەیری پۆلی باڵندە بکەین، دەبینین سیما جیاکەرەوەکان ئەم پێناسەی دێرین ڕەت دەکەنەوە، وەک لە خشتەی ژمارە(١) دا بەدی دەکرێت :

| سیماکان | وەچەکانی پۆلی باڵندە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | چۆلەکە | کۆتر | بەبەغا | | وشترمرخ |
| هێلکەکردن | + | + | + | | + |
| بوونی دەنووك | + | + | + | | + |
| جووت باڵ و قاچ | + | + | + | | +/- |
| بوونی پەڕ | + | + | + | | + |
| بچووکی و کێش سووکی | + | + | +/- | | - |
| توانای فڕین | + | + | + | | - |
| چریواندن/ چرین | + | + | + | | - |
| قاچی لاواز و کورت | + | + | + | | - |
| کلکی کورت | + | + | + | | - |

خشتەی ژمارە(١) جیاوازیی دەرکەوتنی سیماکان لە باڵندەدا(24: 1997, F. Ungerer & H. J. Schmid ).

لە خشتەی ژمارە(١)دا، دەبینین وشترمرخ ئەگەرچی ناشفڕێت، بەڵام ئەندامە لە پۆلی باڵندەدا، کەچی شەمشەمەکوێرە ئەگەرچی توانای فڕینی هەیە کەچی مرۆڤ لە پۆلی باڵندەی دانەناوە و لە پۆلی مەمکدارەکانە.

بەمەش تیۆری پێشین بۆ پۆلێنکردن بەدەست کۆمەڵێك گرفتەوە دەناڵێنێت، دیارترینیان:

- گرفتی پێناس
- لێلی چەمکییانە
- ناچوونیەکیی جۆری (Evans&Green,2006:254. Azad,2014:38)

١-گرفتی پێناس: کاتێك لە پۆلێنکردندا جەخت لە چوارچێوەی پێناس بکرێتەوە ، ئەستەمە بتوانرێت سیماکان وەکیەك و هەمەکییانە لە وەچەکانی پۆلدا بەدی بکرێن. باشترین ڕەخنە نموونەکەی "فنگنشتاین" ە لەبارەی پۆلی یاری، کاتێک وەچەپۆلەکان بریتین لە: یاری کاغەز، تۆپێن، وازی، شەترەنج، یارییە ئۆلۆمپییەکان،...هتد. ئەگەر چی هەموویان یارین، کەچی سیماکان چوونیەك نین لە نێوانیاندا؛ ئایا هەموو یارییەکان پێویستییان بە تۆڕ هەیە وەکو تۆپێن؟ ئایا هەموو کات لە یاریدا پێشبڕکێ و بردنەوە و دۆڕان هەیە'وەك یاری تۆپێنی منداڵێك بۆخۆی'؟ ئایا لەبەرانبەر فێربوون و لێزانین و بەهرەدا یارییەکان چوونیەکن؟ کاتێك لە یارییەکان ورد دەبینەوە، دەبینین ئاستی لێکچوونەکان هەندێکجار بەرزدەبێتەوە و هەندێکجار سیماکان نزم و ون دەبن و تۆڕێکی ئاڵۆز لە لێکچوونەکان دروست دەبێت، کە هەندێکجار بەناویەکدا دەچن و هەندێکجاریش پچڕان دروست دەبێت. فنگنشتاین لەبڕی چونیەکیی وەچەکاتیگۆرییەکان ئاماژەی بە ناڕوونی و لێکچوونی خێزانی کرد 'ئەندامانی خێزانێک بەشێوەی جیاواز لەیەکتردەچن؛ ڕوخسار، ڕەنگی چاو، قژ، میزاج،..'. لەبارەی سنووری پۆلەکانیش ئەوەی خستەڕوو؛ کە مەرج نییە جێگیر و نەگۆڕبن و دەشێت سنووری پۆل فراوان ببێت و لەسەر بناغەی لێکچوون جۆری تری یاری بێتەناو[٦] (Wittgenstein,1953:66-71). بەمەش سیمای جامیع و مانیع[٧] جێگیر نابێت (Lacoff,1990)، وەک لە نموونەی ژمارە(٣)دا، سەرنج دەدرێت:

نموونە(٣):

نیشانە واتاییەکانی [سەگ]بریتین لە:

سەگ
+گیانداری مەمکدار
+چوارپەل
+کلکی درێژ
+حەپین

ئایا گەر سەگێك گوێی لەدەستدا، یان کلکی قرتا، پێناسی سەگی لێدەسەنرێتەوە؟

ئەو تێڕوانینەی فنگنشتاین لەبارەی یارییەوە خستییەڕوو، ئۆستن "J.L.Austin" لە نووسینێکدا لەژێر ناونیشانی"واتابەخشیی وشە"[٨] لەبواری واتای خودی وشەکاندا شرۆڤەی کرد[٩] و ئەوەی خستەڕوو؛ کە سیماکان لە

---

٦ لاکۆف ئاماژە بە هاتەناوەوەی یارییە ڤیدیۆییەکان دەکات لەساڵانی ٦٠ی سەدەی ڕابردوو (Lakoff,1987:16).

٧ جامیع و مانیع؛ سیما بە بنەماکراوەکان، دانەکانی پۆلێک کۆدەکەنەوە و ڕێگردەبن لە هاتەناوەوەی دانەیتر، کە تەواوی نیشانەکانی تیادا نەبێت(اثیرالدین،- :٩٦،٩٧).

٨ "meaning of a word"

٩ ئەم وتارە ساڵی١٩٤٠ نووسراوە، بەڵام ساڵی ١٩٦١ بڵاوکراوەتەوە.

تێکڕای پۆلەکاتیگۆرییەکی زماندا، چوونیەک و پەیکاڵ نابن دواتر ئەم تێڕوانینە بوو بە بنچینەی تیۆری نموونەی بنەڕەتی لەبواری واتای وشەدا.

ئۆستن پرسیاری ئەوەیکرد"بۆچی مرۆڤ بەهەمان وشە شتی جیاواز گوزارشت دەکات؟" وەڵامی نەریتی بۆ ئەم پرسیارە ئەوەبوو؛ "شتە جیاوازەکان بەهەمان وشە ناونراون"، ئەم وەڵامە لەتێڕوانینی پێشین بۆ پۆلێنکردن سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام ئۆستن ئەوەی خستەڕوو؛ کە ئەم وەڵامە ورد و دروست نییە و نموونەی بە چەند دۆخێکی زمانی هێنایەوە و ئاماژەی بە بیری ئاوەزی[10] و فاکتەری زانستی نیشانە و بواری کار دا (J. L. Austin,1961:58-74).

٢-لێڵیی چەمکی: پۆلەکان لە واقیع و سرووشتی پێکهاتنیاندا، سنووری ڕوون و جێگیریان نییە. لە واقیعی کردەییدا سنووری ڕوون و جیاکراوە لە نێوان وەچە کاتیگۆرییەکانی پۆلدا بەدی ناکرێن، وەک لە نموونەی ژمارە(٤)دا، بەدیدەکرێت:

نموونە(٤):

ئایا کاتێک ژمارەکان بۆ تاك و جووت پۆلێن دەکرێن و تاکەکان ئەوانەن ناتوانرێت بەبێ ماوەی(١) بەسەر(٢) دابەش بکرێن، لێرەدا سنووری نێوان ژمارە تاك و جووتەکان ڕوون و ئاشکرا دیاری دەکرێت(جیۆپرۆجێکتس ا،٢٠١٤،٢٧:٢). ئاخۆ لە جیاکردنەوەی سنووری نێوان تەپل و کورسی یان پەنگوین و وشترمرخ سنوورەکان هەمان ڕوونی هەیە؟ (Evans&Green,2006:253,254).

٣-ناچوونیەکیی جۆری: کاتیگۆرییەکان لە سرووشتدا بە پلەی جیاواز سیماکان هەڵدەگرن و پەیکاڵ نابن، گەر گرفتی لێڵی چەمکی بە سنووری پۆل و وەچەکانەوە پەیوەست بێت، ئەوا ناچوونیەکی بە هەڵکەوتی وەچەکان لەنێو پۆلدا پەیوەستە، بۆ نموونە ئەرمستڕۆنگ و...(Armstrong,..,1983)، ئاماژەیان بە دەرکەوتنی شێوەی جیاوازی کورسی کردووە' چوارپا، خولاو، ...'و پرسیاری ئەوەیانکردووە؛ کامەیان لە پەرێزی واتایی دا نموونەییترە؟

توێژینەوە تاقیکارییەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە ئەم مەرجانە پێکەڵ نین لەگەڵ واقیعی سایکۆلۆژیی مرۆڤ و هەرئەوەشە زۆرجار لە پۆلێنکردنی پێشیندا مرۆڤ لە دانانی دانەکان لەنێو پۆلدا بەهەڵەدا چووە، بۆنموونە نەهەنگ لەبڕی پۆلی مەمکدارەکان لەپۆلی ماسی هەژمارکراوە(Evans&Green,2006:255).

**٢/١)تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی:**

وەچەنموونە لەچوارچێوەی هەردوو قوتابخانەی زانستی زمانی دەروونی'پەیوەست بە بنەما تیۆرییەکانی دەرونزانیی درکپێکردن' و زانستی زمانی درکپێکردنەوە لێکۆڵینەوە و شرۆڤە کراوە، بەڵام پەیوەست بە ڕەهەند و بنەمای جیاواز، کە لە چێوەی قوتابخانەی یەکەم وەک نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی وێناکراوە[11].

---

١٠ بیری ئاوەزی"nominalism"ئەو بۆچوونە فەلسەفییەیە، کە وەکو بوونێکی ڕووت جەخت لەسەر بیر و باوەڕ دەکاتەوە، بەجۆرێک بیرەکانی مێشکی مرۆڤ پێش بوونی ڕاستەقینە دەکەون (ڕەشید،٢٠٠٦:٦٢٧).

١١ ا-بەرانبەر وشەی"Prototype" ی ئینگلیزی بەپێی چەمکی زانیارستانی لە زمانی کوردی لە لێکۆڵینەوەکاندا، زاراوەی جیاواز بەکار هاتووە؛ هۆگر مەحموود(١٩٩٣) "نموونەی ئاوەزی" و هۆشەنگ فاروق(٢٠٠٨) لە وەرگێڕانی بەرهەمەکەی ە.د.هدسۆندا "نموونەی بنەڕەتی" و ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢) "چەشنی نموونەیی" و فەرهاد تۆفیق(٢٠١٥) "پڕۆتۆتایپ/چەشنی نموونەیی". بەڵام جگە لە جێگیرکردنی ئەم زاراوانە بەپێی دەوروبەری زانیارستانی بۆ قۆناغی جیاواز، بەپێی ڕەهەندی جیاواز و بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن لەم لێکۆڵینەوەیەدا، وشەی "شاوەچە"مان بەکارهێناوە، کە لەمیانەی ئەم بەشەدا ڕەهەند و بنەمای ئەم زاراوانە درکیان پێدەکرێت.

پ-وشەی "شاوەچە" ئەنالۆژییانە و لێچووانە لەتەک وشەکانی (شاگوڵ، شاسوار، شاجوان،...) دەوەستێت. بڕوانە؛(محەمەدی مەحوی، ٥٢:٢٠١٠،٥٣).

**۱-۲/۱)ڕەهەندەکانی تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی:**

تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی بەرهەمی لێکۆڵینەوە تاقیکارییەکانی ڕۆش و هاوەڵانییەتی پەیوەست بە دەرونزانیی درکپێکردنەوە، کە تیایدا لەبری پێناسی دەفر 'کە لە ڕێبازی دێرین کرابوو بە بنەما' جەختیان لەسەر ئەنجامە تاقیکارییەکان کردۆتەوە. ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە پۆلێنکردن لە بری سیما ناچاری و هەمەکییەکان پەیوەستە بە وێناکردنی ئاوەز لەمیانەی بەدیکردنی سیماکان و ئاماژەیان بە نمونەی بنەڕەتیی ئاوەزی کرد وەکو وێنای ئاوەز و چەقی پۆل و هەڵگری پتری سیماکان (Evans&Green, 2006:248-249).

ئەوە خرایەڕوو؛ کە پۆلەکان لە پێکهاتنیاندا لەخۆگری وەچەی ناچوونیەك و سنووری ناڕوونن و ئاماژەیان بە بەنموونەبوون کرد پەیوەست بە نواندنی زۆرتر و بەنموونەبوونی باشتر لە بری باری یەکسان، لێکچوون بەبنەما پەسەند کرا. ئەوە خرایەڕوو، کە هەندێ وەچە ئاستی نواندنیان بۆ سیماکانی پۆلەکەیان بەرزترە وەك کراس و پانتۆڵ لە پۆلی جل وبەرگدا و سێو لە پۆلی میوە (Rosch,1975:573-577). لێکۆڵینەوەکان جەختیان خستەسەر بوونی جیاوازی لە نێوان وەچەپۆلەکاندا و ئەوەیان خستەڕوو، کە مەرج نییە ئەندامانی پۆل پەیکاڵ بن لە هەڵگرتنی سیما و تایبەتمەندییەکاندا و هەندێک وەچە کە نموونەی باشتری گەیاندنن وەک نموونەی بنەڕەتی لە ئاوەزدا جێگیربوون و وێنەی پۆلەکە دەنوێنن(لطیفە،۲۰۰٤:۱۱).

**۲-۲/۱)بنەماکانی پۆلێنکردن:**

تیۆری نموونە لە پێکهاتەی پۆلەکان لە ئاوەزدا وەك مەرجی بنەڕەتی پشت بە دوو گریمانە دەبەستێت:

- بنەمای ئابوورییانەی درکپێکردن.
- بنەمای دروستەی جیهانی هەستپێکراو.

**۱-بنەمای ئابووریانەی درکپێکردن:**

ئەم بنەمایە جەختکردنەوەیە لەسەر تایبەتمەندیی ئابوریکردنی مرۆڤ، لە بەکارهێنانی تواناکانی و هەوڵدانی لە بەدەستهێنانی زانیارییەکاندا و دروستکردنی هاوسەنگی. لەبری ئەوەی زانیاریی سەربەخۆ لەبارەی هەرشتێك کە بەدیدەکرێن هەڵبگیررێت، یان ژمارەیەکی زۆر هەگبە بۆ وەچە لێکچووەکان بێنێتەئارا.

**۲- بنەمای دروستەی جیهانی هەستپێکراو:** جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو بنەمایەی، کە پێی وایە جیهانی دەوری مرۆڤ خاوەن دروستەیەکی پەیوەستکارە. ئەمەش مەرجی دروستی لە ئاوەزدا هێناوەتەئارا، وەک لە نموونە(٥)، لە نیشانە واتاییەکانی[باڵندە] دا، سەرنج دەدرێت:

نموونە(٥): نیشانە واتاییەکانی وشەی(باڵندە):

+پەڕ
+توانای فڕین

نەك نیشانەکانی: + توکن
+ توانای هەناسەدان لەژێر ئاودا

ئەمەش ئەوە دەسەپێنێت، کە مرۆڤ لە پۆلێنکردندا پشت بە دروستەیەکی پەیوەستکار ببەستێت لە ڕێکخستنی دانەکان لەمیانەی دانەی بە نموونەبوو لە ئاوەزدا (Rosch,1998:252-253).


بەمەش هەردوو کایەی هەستی ناوەکیی مرۆڤ و دیاردەکانی دەوروبەر لە دروستکردنی نموونەی بنەڕەتی لە ئاوەزدا بەشداری دەکەن و نموونەی ئاوەزی بریتی دەبێت لە "بارە نموونەییەکانی کۆمەڵە شتێکی دیاریکراو"(هۆگر،٤١-١٩٩٣:٤٢)، کە ئاوێنەیەکی باشتری ڕەنگدانەوەی ژینگەن(Rosch,1978:6).

**٣-٢/١)پێرەوی پۆلێنکردن:**

کاتێک ئەم دوو بنەمایە 'ئابووریکردن و پەیوەستکردن' سیستەمی پۆلێنکردنی مرۆڤ دێننەئاراوە، بنەمای ئابووریکردن کاریگەریی لەسەر ئاستی فراوان وەکو پانتاییی پۆل و بنەمای پەیوەستکردن کاریگەریی لەسەر وێناکردن و نموونەی پۆلەکان جێدەهێڵن. ئەمەش دوو ڕەهەند دێنێتەئارا؛ ستوونی و ئاسۆیی(Rosch,1978)، بەمجۆرەی خوارەوە:

**ا-پێکهاتەی لوتکەیی:**

ڕۆش و...(١٩٧٦) لەمیانەی تاقیکردنەوە(٩٠) چرکەییەکانیان، ئاماژەیان بەوەکردووە، کە کاتیگۆرییەکان پلەبەندانە جیابکرێنەوە، بۆنموونە کورسی چوارپا گشتیترە لە کورسیی جولاو. ئەم بنەمایەش بەهۆی هەڵگرتنی پتری سیما هاوبەشەکان شانوێن[١٢] لەنێو وەچەکان دێنێتەئارا. شانوێن دەچێتە ناوەڕاست و دانەکانی تر بەپێی ئاستی لەخۆگرتنی سیمان لە پەراوێزی ئەو ڕێزدەبن، نموونە سنگ زەردە"Robin" چەقی پۆلی باڵندە دەگرێت و کەناری و ...وشترمرخ، بەپێی ڕێژە و چەندێتیی هەڵگرتنی سیماکانی پۆل، لە دووریی جیاواز لە پەراوێزی ئەم دەبن، وەک لە نەخشەی ژمارە(١)دا، سەرنج دەدرێت:




نەخشەی ژمارە(١)، ڕێزبوونی وەچەکانی پۆلی باڵندە بەپێی ڕێژەی هەڵگرتنی سیماکانی پۆل(لە http://dqsy.net/jpk/yyyyx/netclass/1022.jpg وەرگیراوە).

گرنگترین ڕەهەند، کە ڕێبازی نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی جەختی لەسەردەکاتەوە ئەوەیە؛ هیچ بنەمایەکی پێشوەختە نە پێوانەکراو لەئارادا نین تا مرۆڤەکان لە چێوەیاندا پۆلێنکاری ئەنجام بدەن و پۆلێنکردن لە ئەنجامی ڕووداوێکی کاریگەرەوە نایەتە ئارا، بەڵکو پەیوەست بە بنەما دەروونزانییەکان ئەنجام دەدرێت و گۆڕانی سنووری پۆلەکان و نمونەکان بۆ ژینگە دەگەڕێتەوە، نەك ڕووداوی بەزەبر یان دیاردەی مێژوویی(Rosch, 1978:1,2).

**٤-٢/١) سیماکانی پۆلێنکردن لە تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزیدا:**

دەتوانرێت سیماکانی ئەم تیۆرە، لە(٣)خاڵدا کورتبکرێنەوە:

١- ئەندامبوونی کاتیگۆری لە پۆلدا لەسەر بنەمای لێکچوونە، نەک وەک یەکبوون و ئەندامان چوونیەک نین لە هەڵگرتنی سیما و تایبەتمەندییەکانی پۆلدا.


---

١٢ زاراوەی شانوێن، بەرانبەر"Superordinate"ی ئینگلیزی بەکارهاتووە، بە لێکدانی؛ شا لەگەڵ نوێن؛ ڕەگی کاری چاوگی(نواندن)؛ ئەو وەچەیەی باشترین نواندنی نیشانەکانی پۆلی واتایی ئەنجامداوە (لێکۆڵەر).



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣- ئەندامانی پۆل بەپێی بەرزیی ئاستی سیماجیاکەرەوە هەستپێکراوەکانی پۆل، لە ناوەندەوە بۆ پەرێزی پۆل شوێن دەگرن و شانوێن دەکەوێتە ناوەند(Azad,2014:38-39. Dirk Geeraerts,2006:9-13)، کە لە نەخشە(٢)دا خراوەتەڕوو:




نەخشە ژمارە(٢)بەناویەکداچوونی پۆلەکان وتێکەڵبوونی وەچەکان. بەدەستکارییەوە لە (لطیفە ابراهیم،٢٠٠٤) وەرگیراوە.

٣- ئەو نموونانەی مرۆڤ سەرەتا فێریان دەبێت، دواتر لە ژیانی دا، دەیانکات بەپێوانە بۆ ناسینەوە و پۆلێنکردنی شتەکانی تر (شێرزاد و عەبدولسەلام، ٣٣:٢٠١١).

تیۆری نموونە بەهۆی جەختکردنەوە لەسەر چەقەواتا و نواندنی سنووردارتر "وەك ئامرازێکی نزیککەرەوە لە چۆنێتی لێکدانەوەی واتاکاندا بەکاردەهێنرێت" (ئاڤێستا،٢٠١٢) و گرفتەکانی بوارە واتاییەکان چارەسەردەکات(هۆگر،٤٠:١٩٩٣) و گرفتی تێگەیشتن کەم دەکاتەوە و سنووری نێوان کاتیگۆرییەکان دیاری دەکات، بۆ نموونە سنووری نموونەیی نێوان دار و دەوەن جیادەبێتەوە(لارس مێلین،٣٨٠:٢٠١٠).

**٥-٢/١)گرفتەکانی پۆلێنکردن لە تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی:**

بەو پێیەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا، نە هەڵسوکەوت لەگەڵ بنەما تیۆرییەکان دەکات و نە پەیوەستە بە هاوکێشە زانستییە داڕێژراوەکان لە کردەکانی پۆلێنکردندا، بەڵکو پەیوەستە؛ بە وێناکردنی دینامیکیی ئاوەزی، کە تێگەیشتن پێیانەوە پەیوەستە (Evans & Green,2006:253)، هاوشێوەی تیۆری پێشین ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی تیۆری نموونە کرا لەبارەی نەزانی و هەڵەکردن لەچۆنیەتیی لێکدانەوەی بنەماکانی بەدەستهێنانی ئەو بنەمایانەی بەهۆیانەوە نموونەکان هەڵدەگیرێن، بۆنموونە ئایا هۆکارچییە؟ لە وێناکردنی وێنەی داپیرەدا، مەرج نییە نیشانە واتاییە فەرهەنگییەکان بێنەدی (Laurence& Margolis,199:34-35)، وەک لەخوارەوە، لە نموونەی ژمارە(٦) سەرنج دەدرێت:

نموونە(٦):

نیشانە واتاییە فەرهەنگییەکانی یەکەی واتایی[داپیرە] : بەو شێوەیەی خوارەوە:

داپیرە { +تەمەن / + قژی سپی / +چاویلکە لەچاوکردن }

دەشێت ئافرەتێک لە تەمەنی زوودا، ببێت بە داپیرە'خاوەن نەوە' و هیچێک لەم نیشانە واتاییانەشی لێ دەرنەکەوتبن، وەک لەم ڕستەیەدا سەرنج دەدرێت:

- داپیرەی هێرۆ لە نەوەکەی گەنجترە.

لە هەمبەر هەندێک پۆلدا ئەگەرچی بواری نموونەبوون یەکە، بەڵام وێناکان وەك یەك نایەنەئاراوە، بۆنموونە بەرزی لە وەسفی پیاودا جیاوازە لە بەرزی شاخێك (Taylor, 2008:43)، وەک لە نموونەی ژمارە(٧) بەدیدەکرێت:

نموونە(٧):

پیاوێک بەرزییەکەی بگاتە (٢)م، بە مرۆڤێکی زۆر بەرز دادەنرێت:

-ئای ئەم پیاوە! بەرزییەکەی دەگاتە دوومەتر.

لەکاتێکدا شاخێک لە هەندێ شوێنی شاخاویدا، بەرزییەکەی دەگاتە سەروو(١٠٠٠)م، کەچی بە بەرز دانانرێت.

جگە لەوەی ئەم تیۆرە، تیۆرێك بوو بۆ پۆلێنکردن لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی دەرونزانیی درکپێکردن، ئەوەندە تیۆرێك نەبوو بۆ خستنەڕووی درکپێکردنی مرۆڤ پێکەڵ بە واقیع و تاقیکردنەوە و تیۆرێك نەبوو بۆ لێکدانەوەی واتای وشە لەچوارچێوەی واتاسازیی گشتیدا(Taylor,2008:41) و دەشێت گرفتەکانی لە (٤)خاڵدا کورت بکرێنەوە، کە بەرانبەریان دەستەوسان بوو:

١.جۆراو جۆری ئەو کارەکتەرانەی, کە وەچەکان بە نموونە دەکەن .

٢.گرانیی ڕێکخستنی وەچە نموونەکان بە پێی گرنگی و ئەو بنەمایەی کامەیان گرنگترە؟

٣. بەردەوامی و گۆڕانی نموونەکان و گرانیی وەستانەوە لە گەڕان بەدوای وەچە نموونەکاندا، کە پێوانەیەک لەئارادا نییە سنووردارییان بکات.

٤.خاڵی هەرەگرنگ ئەوەیە ئاخۆ ئەو بنەما ئاوەزییانە چین، کە لە زماندا دانەیەک لەوەیتر بنەڕەتیتر و باشتر بێت، ئایا دەنگەبزوێنەکان 'کە دەبن بە درێژ و کورت'کامەیان بنەڕەتیتر و باشترن؟(Taylor,1995:43. ئاڤێستا،٢٠١٢:١٦٩).

**٢) پۆلێنکردن و شاوەچەیی لە سیمانتیکی درکپێکردندا:**

وەک لە پاری یەکەمدا، ئاماژەی پێکرا؛ پۆلێنکردن بابەتی هەرەگرنگ و جێگای گرنگی پێدانی زانستی زمانی درکپێکردنە، بەڵام بەجۆرێک، کە هەردوو کلیلی ڕێبازەکە؛ "هەمەکی بوون" و "درکپێکردن" لە درکپێکردنی نموونەکانیشدا ڕەنگ دەدەنەوە و هەرسێ بنەما و تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی زانستی زمانی درکپێکردن"پێشینەی واتایی" و "سروشتی زانیارستانی" و "سروشتی پەیپێبردنانە" بوون بە بنەمای تێڕوانین.

بەمەش واقیع و جیهان بابەتییانە و وەکو خۆی و ڕاستەقینە لە زماندا ڕەنگنادەنەوە، بەڵکو دەربڕینی زمانی ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ واقیع و بەو پێیەش، کە توانستی زمانیی مرۆڤ بەشێکی جیانەکراوەی کۆزانینە، ئەمە لە زمان و کردەکانیدا بەجەستەدەبێت. تێڕوانینی زانستی زمان بۆ نموونەی پۆلەکان، یەکێکە لە بابەتە گرنگی پێدراوەکانی زانستی زمانی درکپێکردن و بە بنەما تیۆرییەکانی ڕێبازەکەوە پەیوەستە.

**١/٢) بنەماکانی پۆلێنکردن و پەیپێبردنی شاوەچە:**

لە زانستی زمانی درکپێکردندا شاوەچە وەک نموونەی پۆل و ڕووی کاتیگۆرییەکان ڕەگەزی بنەڕەتییە بۆ درکپێکردنی واتاکان، بەڵام ئەوە ڕەتدەکرێتەوە شاوەچەبوون جێگیر و لەمیانەی پێوانەیەکی جێگیر دەستنیشان بکرێت (Evans&Green,2006:250).

کاتێک ڕێبازی درکپێکردن زمان بە توانستێکی تێکەڵ و بەناویەکداچوو لەگەڵ گشت ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی توانستی ئاوەزیی مرۆڤ سەیردەکات، ئەم توانستەش لە واقیعی بەکارهێناندا لەگەڵ هەردوو کایەی: توانستی پراگماتیکی'کە شارەزایی مەرجە تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنان بەپێی مەبەست دەگرێتەوە' و توانستی چەمکی'کە

کۆزانینی فراوانی مرۆڤ و ئەو تێگەیشـــتنەی بەرانبەر جیهان هەیەتی لەخۆدەگرێت' کاریگەری بەســـەر یەکتردا جێ دەهێڵن (Taylor,1995:80-97). ئەمەش بەو ئەزموونکردنە بەردەوامانە پەیوەستە، کە لە دەوری مرۆڤدا ڕوودەدەن و چالاکی و گشت هەستەکانی مرۆڤ ڕۆڵیان تیادا دەگێڕن (لطیفة،٥:٢٠٠٤).

سیمانتیکی درکپێکردن جیاواز لە تێڕوانینەکانی پێش خۆی گرنگی بە کۆمەڵێك بابەت دا و ڕەخنەی لە کۆمەڵێکیان گرت؛ بابەتیبوونی بەتەنهای ڕەتکردەوە و گرنگیی بە وێنا هۆشـەکییەکان دا، جەختی لەسـەر سـیسـتەمی میتافۆرییانە کردەوە لە دروســـتەی چەمکی و ڕەهەندە شـــوێنی و کاتییەکان و پەیوەندییان بە درکپێکردنی مرۆڤ و پەیوەندیی نێوان زمـان و تێگەیشـــتن ڕەنگیـانـدایەوە(Lakoff, G and Mark Johnson, 1980). ئەوە خرایەڕوو; کە شـاوەچەبوونی کاتیگۆرییەکان، پەیوەسـت نییە بە بنەمای فەلسـەفی جیگیر لەئاوەزدا، بەڵکو بەرهەمی ئەزموونکردنە لە سروشت دا (Dirk Geeraerts33,2006:10).

لە خستنەڕووی ئەم قوتابخانەیەدا، میتافۆر هۆکارێکە بۆ وێناکردنی شتێک بەهۆی شتێکی ترەوە و هەرەمەکییانە دانەڕێژراوە، بەڵکو لەئەنجامی ئەزموونە ماددی و کەلتوورییەکانەوە هاتوونەتەئارا، بوونە ئەبســـتراکتەکانیش بەپێی دروســـتە فیزیکییەکـان داڕێژراون، لێرەدا لقە کەلتوورییەکـان کـاریگەری جێـدەهێڵن. میتـافۆرەکـان بەشـــێوازێکی هەبووناســـی بۆ تێگەیشـــتن لە ڕووداو ، کردە، چالاکی و دەربڕینەکان بەکاردێن. بۆیەش بەچەمککردنەکان چوونیەک نین و پەیپێبردنانە و دینامیکین(Lakoff&Jonson, 1980 :4-37) و ئەو گوزارشتانەی لەنێو کۆمەڵگایەکی ئاخاوتن ئـاڵوگۆڕدەکرێن، وەک ئـامـاژە بۆ ئەو دروســـتە چەمکییـانەی بە درێژایی مێژوو لەمیـانەی ڕەهەنـد و پێکهێنەرەکـانی دەوروبەر لە ئـاوەزی مرۆڤەکـانـدا'لەئەنجـامی تێگەیشـــتنیـان بۆ دیـاردە و ڕوودا و شـــتەکـان'ەوە ڕەگیـان داکوتـاوە (Raymond,1998:22-24).


بنەڕەتیترین خســـتنەڕووی ســـیمـانتیکی درکپێکردن ئەوە بوو، کە پۆلێنکردن بەپێی پێوانە ئەنجـام نـادرێـت وەچەپۆلەکانیش چوونیەك نین. پۆلەکان لە سرووشتدا سنوور ناڕوونن و بەپێی بوار و شوێنکات چەمکی دەربڕینەکان جیاواز دەبێت. ئەمەش پەیوەســـت دەبێت بە کارلێککردنی مرۆڤ، لەگەڵ ســـرووشـــت لەلایەك و پۆل و وەچەکان لەلایەکی ترەوە(Evans&Green,2006: 270-280 ).

**٢/٢)تاقیکردنەوەی کارەکییانە:**

بۆ تاقیکردنەوەی ئەم بنەما تیۆرییە تاقیکراوانە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات، لە ڕێگەی ســـەرنجدانی نموونەی تاقیکراوە و بەدەستهێنان و شیکردنەوەی وەڵامی فۆرمی پرسیارنامەی ژمارە(١)، پاسـادانی درکپێکردنی ئاخێوەرانی (زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست)بکات.

**ا.تاقیکردنەوەی یەکەم:**

لە وێنەی ژمارە(١)دا،پۆلێکی فرەچەشـن لە شـێوە و پێکهاتەی "cup" دەبینرێت:(a ,b ,c ,d ,e ,f)، شـێوەی a لە کۆمەڵگای ئاخاوتنی ئینگلیزیدا، بارە نموونەییەکەی دەگەیەنێت و کاتێك کوپ لە کۆمەڵگای ئینگلیزیدا وشـــەی کوپ وێنەی a شاوەچە و ناونیشانی پۆلەڕەگەزی خوارەوەیە(Evans&Green,2006: 27-29).




وێنەی ژمارە(١) پۆلەڕەگەزی کوپ لە (Evans&Green,2006: 29) وەرگیراوە.

کەچی ئەم پۆلێنکردن و وێناکردنە، لە(زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاســـت)دا و بەپێی شـــوێنکات و مەبەســـتی بەکارهێنان، بەچەمککردنەوەی وشەکە جیاواز دەبێت:

١- لە وەڵامی تەوەری دووەمی پرسیارنامەی ژمارە(١)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا" بیستنی وشەی کوپ"Cup" سەرەتا کامە لەم وێنانەی خوارەوەت دێنێتە بەرچاو؟" دەردەکەوێت[١٣]، لە زاری ناوەڕاسـتی کۆمەڵگای ئاخاوتنی زمانی کوردی هەرێمی کوردستان جیاواز و پەیپێبردنانە هاتۆتەئارا، وەک لە خشتەی ژمارە(٣)دا، خراوەتەڕوو:

| | | ژمارەی بەشداربووان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی دروست | ڕێژەی کەڵەکەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | A | 46 | 17.0 | 17.0 | 17.0 |
| | B | 161 | 59.6 | 59.6 | 76.7 |
| | C | 50 | 18.5 | 18.5 | 95.2 |
| | D | 9 | 3.3 | 3.3 | 98.5 |
| | E | 4 | 1.5 | 1.5 | 100.0 |
| | Total | 270 | 100.0 | 100.0 | |

خشتەی ژمارە(٣) وێناکردنی کاتیگۆریی کووپ لای ئاخێوەری (زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست)؛ بیستنی وشەی کوپ"Cup" سەرەتا کامە لەم وێنانەی خوارەوەت دێنێتە بەرچاو؟


١٣)ا.نموونەی فۆرمی ڕاپرســیی ژمارە(١)، بریتی بوون لە ئاخێوەرانی(زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاســت)، بەگریمانەکردنی (٣٠٠٠٠٠٠)ئاخێوەر، بە پشتبەستن بە (عەبدولمەناف،٢٠١١) ئاخێوەرانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست(٥،٨%)ی دانیشتوانی عیراق پێک دەهێنن و بەسوود وەرگرتن لە لینکی ئەلکترۆنی (http://www.alsabaah.iq/ArticleShow ) گەڕاینەوە بۆ ڕاگەیەنراوی وەزارەتی پلانـدانـانی عیراقی، کە ژمـارەی دانیشـــتوانی عیراقی بۆ ســاڵی(٢٠١٤) بە (٣٦)ملیۆن کەس داناوە و گریمانەی زیادبوونی ســاڵانەی لە(٨٠٠٠٠٠) بۆ یەک ملیۆن دەکات، بەمەش گریمـانەی (٣١٤٥٠٠٠) کەســکراوە و (٢٧٠) فۆرم، لە هەرســێ پـارێزگـای(هەولێر، ســلێمـانی، کەرکووک)، بە ســوودوەرگرتن لە لینکی ئەلکترۆنی(http://www .raosoft.com/samplesize.html) تـایبـەت بـە دیـاریکردنی قـەبـارەی نموونـەی لێکۆڵینـەوە، دابەشـــکراون، هەوڵدراوە بەشداربووان ڕەنگدانەوەی جیاوازیی ڕەگەز، تەمەن، پیشە بن.

ب)هەڵبژاردنی ئەم دوو کاتیگۆرییە"ســـەوزە" و "کووپ" بەو هۆیەوە بووە؛ جگە لە لێکۆڵینەوەی خودی درکپێکردنی ئاخێوەران لە (زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست)، لەگەڵ ئاخێوەرانی زمانێکی تریش، بەراورد بکرێت، کە تاقیکرابێتەوە.

ج)بەشدار بوون و ئاستی وەڵامدانەوە، لە خشتەی ژمارە(٢) سەرنج دەدرێت:

| Statistics | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | به بیستنی وشەی سەوزە | وێنەی کوپ | کۆکەرەوە |
| N | Valid | 270 | 270 | 270 |
| | Missing | 0 | 0 | 0 |

خشتەی ژمارە(٣)، ژمارەی گشتی و ژمارەی وەڵامدراوەکانی پرسیارنامەی ژمارە(١)




چارتی ژمارە(1) ڕێژەی دەركەوتنی دینامیكییانەی كاتیگۆریی كووپ لای ئاخێوەری زمانی كوردی-كرمانجی

٢- لە هەمبەر پرسیاری سێیەمدا:"چ كەرەستەیەك دەبێت بە هێما و وەك پۆل ئەم شێوانەی سەرەوە كۆدەكاتەوە؟" وەڵامەكان لە خشتەی ژمارە(٤)خراوەتەڕوو:

| | | ژمارەی بەشداربووان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی دروست | ڕێژەی كەڵەكەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | كووپ | 72 | 26.7 | 26.7 | 26.7 |
| | فنجان | 15 | 5.6 | 5.6 | 32.2 |
| | كووپ و فنجان | 136 | 50.4 | 50.4 | 82.6 |
| | كاسە | 22 | 8.1 | 8.1 | 90.7 |
| | دەفر | 24 | 8.9 | 8.9 | 99.6 |
| | لیوان | 1 | .4 | .4 | 100.0 |
| | Total | 270 | 100.0 | 100.0 | |

خشتەی ژمارە(٤)

هێمای پۆلەكاتیگۆری كووپ. چ كەرەستەیەك دەبێت بە هێما و وەك پۆل ئەم شێوانەی سەرەوە كۆدەكاتەوە؟



چارتی ژمارە(2) :"چ كەرەستەیەك دەبێت بە هێما و وەك پۆل ئەم شێوانەی سەرەوە كۆدەكاتەوە؟"

سەرنج:

لە ئەنجامی تێبینیكردنی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە، ئەم ڕاستییانە بەدیدەكرێن:

١-بەهێماكردنی كاتیگۆرییەكان وەک شاوەچەی پۆلەكە، دینامیكییانەیە.

٢-کاتیگۆریی "کوپ و فنجان" لە بەناونیشانبوون بۆ پۆلەکاتیگۆرییەکە، بەرزترین پلەیان وەرگرتووە.


٣-وشەی کووپ"cup"کە لای ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزی پتر گوزارشت بووە لە چەشنی a، بەڵام لای ئاخێوەرانی (زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست) ئەگەرچی بڕاوە نییە، بەڵام وەچەکاتیگۆری b پلەی یەکەم وەردەگرێت.

**ب-تاقیکردنەوەی دووەم:**

ویدۆوسن(ویدۆوسن،١٢٠:٢٠٠٨)، وەک نموونەی بنەڕەتیی پۆلی سەوزە، ئاماژە بە"کەلەرم" دەکات، کەچی لە وەڵامی تەوەری یەکەمی فۆرمی ڕاپرســیی ژمارە(١)دا دەردەکەوێت؛ ئەم بنەمایە دینامیکییانە لای ئاخێوەری (زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست) دێتەئارا:

| | | ژمارەی بەشداربووان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی دروست | ڕێژەی کەڵەکەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | کەرەوز | 200 | 74.1 | 74.1 | 74.1 |
| | دۆراغ | 4 | 1.5 | 1.5 | 75.6 |
| | تەڕەتووە لە | 43 | 15.9 | 15.9 | 91.5 |
| | کەلەرم | 2 | .7 | .7 | 92.2 |
| | کەوەر | 20 | 7.4 | 7.4 | 99.6 |
| | بیبەر و خەیار | 1 | .4 | .4 | 100.0 |
| | Total | 270 | 100.0 | 100.0 | |

"خشتەی ژمارە(٥) :" بەبیستنی وشەی "سەوزە کامە لەمانەی خوارەوەت یەکەمجار دێتە بەرچاو؟"




چارتی ژمارە(3) :" بەبیستنی وشەی "سەوزە کامە لەمانەی خوارەوەت یەکەمجار دێتە بەرچاو؟"

**سەرنج:**

لە ئەنجامی وەڵامی تەوەری(یەکەمی) پرسیارنامەی ژمارە(١)، ئەم زانیارییانە تێبینی دەکرێن:

١-بە چەمککردنی کاتیگۆری"ســەوزە" کە وەک نموونە لەم لێکۆڵینەوەیە کاری لەســەرکراوە، لە نێوان ئاخێوەرانی (زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاســت)، "کەرەوز" بەرزترین ئاســتی وەرگرتووە، لە کاتێکدا (کەلەرم)، کەمترین ئاســتی وەڵامەکانی بەدەستهێناوە.

٢-هیچێک لە کاتیگۆرییەکان، سەرجەمی بەدەست نەهێناوە لە وێنابوون.

٣-ڕێژەی وێناکردن دینامیکییانەیە و لە کاتیگۆرییەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٤- خاڵێکی گرنگ، کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەبوو؛ چ لە پڕکردنەوەی پرسیارنامەکان، چ سەرنجدانی بەردەوامی پەیوەندیکردندا، بەچەمککردنی کاتیگۆرییەکانی هەریەکە لەم پرسیارانە، بە کاریگەریی بوار و ئامانج پەیوەستن، وەک :

ا-لە چایەخانەیەک، بە هەر کاتیگۆرییەک داوای چا بکرێت، وێنەکانی(e) و (d) لای چایەچییەکە وێنانابن، هەروەک داواکردنی سووپێک لە چێشتخانەیەک بە گوزارشتکردنی هەر کاتیگۆرییێک بێت، نابێتە هۆی ئەوەی سووپەکەت، لەناو پێکهاتەی(a)بۆ بێت.

ب-ئەو ئافرەتانەی خەریکی کڕینی کەرەستەی دۆڵمەبوون، ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەرەوزدا، دۆراغیان دەگوت، کەچی داواکردنی سەوزە لە چێشتخانەکان، لەگەڵ کەرەوزەکەدا، تەڕەتوولەی دەهێنا.

کاتێک پرسیارمان لە هۆکاری هەڵبژاردنی کەرەوز دەکرد، هەردەم لە وەڵامەکاندا، کارلێککردن بەهۆکار دادەنرا[١٤]، نەك ئاشنابوونی بەرایی.

جیایی کەلتوور، سنووری جیاواز لە پۆلەکاتیگۆریەکان و بنەمای بەشاوەچەبووندا، هێناوەتەئارا، پۆلی خواردن، یاری، جل و بەرگ،...، و پلەی وەچە پەسندکراو، جیاوازی لەگەڵ عەرەب، فارس، ئینگلیز،... هەیە .هەروەک جیایی ڕوانگە و تێڕوانینە کەلتوورییەکان، بەوەی جیاوازیی لە گوزارشتکردنیش هێناوەتەئارا جیایی لە پۆلێنکردنیش هێناوەتەئارا.

**٣/٢)تایبەتمەندییەکان لە پۆلە کاتیگۆرییەکانی زماندا:**

کاتێک زمان نمایشی ئاوەز دەکات و چەمکەکان بەجەستە دەکات، بەچەمککردنی بوونە واتاییەکانیش لەسەر بنەمای پێکهاتە ماددییەکان دێتەئارا، ئەم تایبەتمەندییانەی پۆلێنکردن چ لە پەیوەندیی نێوان دانەکانی زمان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا چ لە نێوان خۆیاندا دەبێت بە خاڵی سەرنجدراو(Lakoff&Jonson,1980:14). بۆ سەرنجدانی ئەم تێڕوانینە سەرنجی چەند نموونەیەک دەدەین:

نمونە(٨):

لە زمانی کوردی و ئەسکیمۆدا، ژمارەیەکی زۆر وشەی بەپێی شێوەکەی بۆ (بەفر) هەن؛ بەفر، تەزرە، کڕێوە، شلێوە، زوقم، شەختە، سڕە، کەوی، بنگرە،...،کەچی لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبیدا هاوشێوەیان نییە. لەبەرانبەردا لە زمانی عەرەبیدا، پتر لە بیست وشە بەپێی تایبەتمەندی بۆ وشتر هەن، کە لەزمانی کوردیدا، هەر وشەی (وشتر) یان بۆ بەکاردەهێنرێت(شێخانی ٢٠٠٩:٩٦. الثعالبی،١٩٥٤:٢٥، یۆل،١٩٩٥:٢٤٩).

نموونە(٩):

لە زمانی کوردیدا وشەی(ڕاهێنەر) بۆ هەموو بوارەکان لە پرۆسەی ڕاهێنان بەکاردێت، کاتێک لە زمانی ئینگلیزیدا لە بواری وەرزشدا (coach) و لە بواری ڕاهێنەری ئاژەڵاندا(trainne) بەکاردەهێنرێت. (شهاب،٢١٣:٢٢١-٢٢٢).

نموونە(١٠):

لە زمانی کوردی و فارسیدا زاراوە خزمایەتییەکانیان دووسەرەن'واتای دانەپاڵ و هۆیی دەگەیەنن و بەهەمان شێوە بەکاردەهێنرێن'چ چەمکی گشتی و چ تایبەتی'کەچی لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دا، بۆ هەر چەمکێك زاراوەی جیاواز بەکاردەهێنرێ:

کوردی: ژن – ژن. فارسی: زن – زن. ئینگلیزی: woman -wife. عەرەبی:مراة-زوجة.

---

١٤ زۆربەی کات وەڵامەکان ئەوە بوو؛ چونکە لەئامادەکردنی زۆر خواردن بەکاردێت و لەگەڵ هەموو خواردنێکیش دەخورێت.

(یوسف شریف،٢٠١١:٩٦-٩٨.محەمەد رەزا،٢٠١٢،١٠١:١٠٠.الثعالبي:١٣١)

جیاوازیی پۆلەکاتیگۆرییەکان لە نێوان زمانەکاندا، دەبێتە بنەما و ئاخێوەران ناچاردەکات جیهان بە شێوازی جیاواز ببینن و ئەم 'ڕێژەیی' یەی زمانیش سابیر و وۆرف بەوە لێکی دەدەنەوە کە؛"ئێمە سرووشت بەپێی ئەو هێلانە شی دەکەینەوە، کە زمانی دایك نەخشەی بۆکێشاوین، ئەو ڕێگایەشمان بە سرووشتی بڕیوە، کە دەمانگەیەنێتە ڕێکخستنی چەمکەکان و گەیاندنی مەبەست، بەوەی هەردوو لامان ڕێککەوتووین لەسەر ئەم جۆرە ڕێککەوتنە و پەیوەستبوونمان لەخۆوەیە و ناتوانین ئەو ڕێگایەی لە ڕێکخستن و پۆلێنکردندا لەسەری ڕێککەوتووین لێی دەربچین" (یول،٢٥٠،١٩٩٥:٢٤٩).

لە درکپێکردندا، پۆلێنکردن بناغەی تێڕوانین و ئەرکی بنەڕەتیی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زمانە (Muysken, 2005:46-47) و بریتییە لە پرۆسەی ئاوەزی، کە لە ئاوەزدا و لەچێوەی ئەزموون و چاویلکەی گشت لقە پسپۆرییەکانی درکپێکردن دێتەئارا و پەیوەندییەکی دوو سەرە لەنێوان کەرەستە زمانییەکان و ئاماژەپێکراوەکان سەرنج دەدرێت و دەبێت بە سەرچاوەی پێکهێنانی کۆزانین'کە لەپشت تێگەیشتنەوەیە' زۆرینەی زانین بریتییە لە پۆلێنکردن (Cohen.H,&Lefebvre.C,2005:1-6) و بەشێکە لە پێکهاتەی واتایی لە چوارچێوەی تۆڕێکی کۆزانینی زانیارستانیدا (Evans&Green,2006:248) و نموونەی کاتیگۆری و پۆلەکان وەك مۆدێلی نواندنی کۆزانین سەیردەکرێت و کۆزانینی گشتی مرۆڤیش بنەمای بەچەمککردن و بناغەی درکپێکردنە( Evans&Green, 2006:269).

ئەمەش دەبێت بە چوارچێوە، لە پرۆسەی بەشاوەچەبوونی کاتیگۆری لەنێو پۆلەکەیدا، کاتێک کاتیگۆری وەچەپۆل نەبێت، ئیتر ناشبێت بە شاوەچەی پۆلەکە.

**٤/٢) تایبەتمەندییە کەلتوورییەکان لە داڕشتەی چەمکە ڕێزمانییەکاندا:**

کاتێک زمان وێنە و نمایشی بیرەکانی ئاوەزبێت و هەمان جیایی پۆلێنکردن لە پۆلە زمانییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، بەو هۆیەی ڕێزمانیش بریتییە لە بەجەستەکردنی چەمکەکانی هزری مرۆڤ، ئەوا سنوور و چوارچێوەی پۆلەکان لە ڕێزمانی زمانەکانیشدا، لەمیانەی ئەم جیایی کەلتوورەدا دێتە ئارا و دەبێت بەو بنەمایەی شاوەچەی پۆلەکانیش لەنێوان زمانە جیاوازەکاندا ناچوونیەک بێت (J.Taylor,1995)، وەک لەم چەند نمونەیەی خوارەوەدا، سەرنج دەدرێت:

(١١) جووت لە زمانە سامییەکان هەر ماوە'تاک و جوت و کۆ هەیە'، کەچی لە زمانە هیندۆئەورووپییەکان لەناوچووە'تەنها تاک و کۆ هەن'(پەروین،٢٦،٢٠٠٨).

زمانی کوردی:مامۆستا-مامۆستایان.

زمانی عەرەبی:معلم-معلمان/معلمين-معلمون-معلمين .

(١٢)دۆخ سیستەمێکی جیهانییە لەهەموو زمانەکاندا بەدی دەکرێت، بەڵام شێوەی دەرکەوتندا جیاوازە[١٥].

ئەو دەقانەی لە پەند یان ئیدیەم خراونەتەڕوو، لە ئەزموون و کەلتوورەوە سەرچاوەیان گرتووە، وەک وشەی (هێلکەوڕۆن) لە نێوان هەردوو نموونەی [١٦،ل:٤١] لەئاخاوتنی کوردیدا جیان.

بنەمای سەرەکی لە درکپێکردن و وێنەنما و نموونەی پۆلەکان لە ڕێبازی درکپێکردندا، بریتی دەبێت لە ناجێگیری و توانستی دینامیکی (Geeraerts33, 2006:10) لەگەڵ جۆرێك لە پەیوەستبوون بە چەمکێکی بنەڕەتی زانیاریی

١٥ بۆ زانیاری لە بارەی دۆخی ڕێزمانی بڕوانە:(سەباح ڕەشید،٢٠٠٩) و (محەمەد مەحوی و کاروان عومەر و شیلان عومەر،٢٠١٠).

ڕێژەیی پەیوەست بە چێوەی واتایی یەکەکان و چەمك و کردەکانی درکپێکردن دەبن بەبنەمای پۆلێنکردن. ئەم بنەمای ناجێگیرییە پەیوەستە بە گۆشەی سەرنج وەک بنەمای پەیپێبردن لەلایەک و خودی کاریگەریی دانەکە. سەرچاوەی تێڕامان نۆرمی شوێنکات، کە وەك بنەما لە بەدیکردن بۆ دانەکان و ئەمەش بنەمای میتۆنۆمی دەبەخشێت بە دانەی دەرکەوتوو و بۆ هەمان دیمەن بەکاریگەریی هەردوو نیشانە پراگماتیکیی شوێنی و کەسی لە ڕاماندا، کە بەکۆدکردنی جیاواز دێننەدی(Evans&Green,2006:269,575).

هەروەك بەرسەلۆ(Barsalou,1983) لە توێژینەوەکانیدا، ناجێگیری پلەبەندیی نمونەکان بەپێی دەوروبەر لە هەگبەی واتاییدا بەدرێژبوونەوەی کات بەشایستەی سەرنجدان دەزانێت. بەڵام گیرەیرتس(Geeraerts,1988:223)ئەوە دەخاتەڕوو کە گۆڕانی شاوەچەی چەمکەکان نابێتە هۆکار بۆ گۆڕانی واتای بنەڕەتیی چەمکی، وەک لە نموونە(١٣)دا، بەدی دەکرێت:

نموونە(١٣): وشەی (بارهەڵگر)هەرچەندە لە فەرهەنگدا واتاکەی وا لێکدراوەتەوە، کە نیشانە جێگیرەکە لە نێوانیاندا

{توانستی هەڵگرتن و گواستنەوە}یە، بەڵام بەو پێیەی کۆزانیاریمان بەردەوام لەگۆڕاندایە، بەچەمککردنی وشەکەش لەگۆڕانی بەردەوامدایە (بارگیر← + گالیسکە← + ئۆتۆمبیل). سەدەی نۆزدەم، چەمکی بارهەڵگر، جگە لە ئاژەڵ و عەرەبانە، شتێکی تری نەگەیاندووە، سەدەی بیستەم ئۆتۆمبێل و فڕۆکە هاتۆتەناوەوە، دواتر و ئێستاش چەمکی بارهەڵگر گۆڕاوە؛ ئۆتۆمبێڵ؛ پیکاب، لۆری، گەللابە،...هتد.

**ئەنجام**

١- پۆلێنکردن و بەنموونەبوون، پرۆسەیەکی دەستلێهەڵنەگیراو و پەیوەستە بە هزر و زمان و ئەزموون.

٢- لە پرۆسەی پۆلێنکردندا، سێ ڕێبازی سەرەکی بەدیدەکرێت. وەچەکانی پۆلێک لەمیانەی ڕەهەندە فرەکایەکانی پەیپێبردنەوە دینامیکییانە و بەپێی بوار و سەرچاوە و ئامانج دەبن بە شاوەچە و نموونەی پۆلەکەیان و ئەم ڕۆڵە لە یەکتری وەردەگرنەوە، ئەم تێڕوانینە لە بەنموونەبوونی وەچەکان دوا تێڕوانینی سەرنجدراو و تاقیکراوەیە.

**سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی :**

١- ئاڤێستا کەمال مەحمود،(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا- سلێمانی.

٢- ئەرستۆتالیس،(٢٠٠٩)، میتافیزیک، و.سیدۆ داود عەلی،چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

٣- پەروین عثمان مصطفی عەللاف، (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.

٤- جیۆبرۆجکتس،(٢٠١٤)، بیرکاری بۆ هەمووان، پۆلی دووەمی بنەڕەتی- کتێبی قوتابی، چاپی حەفتەم، بەیروت- لوبنان.

٥- حەمەڕەشید قەرەداغی، (٢٠٠٩)، فەرهەنگی ئازادی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپخانەی ئاسۆ.

٦- سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر.

٧- شهاب شیخ طیب،(٢٠١٣)، دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، نارین بۆچاپ وبڵاوکردنەوە-هەولێر.

٨- شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا،(٢٠١١)، زمانڤانییا کارەکی، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا خانی- دهۆك.

٩- عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد، (٢٠١١)، ئەتلەســـی زمانی هەرێمی کوردســـتانی عێراق وەک نمونە، ســـپیرێز- دهۆک.

١٠- عەبدولوەهاب شێخانی، (٢٠٠٩)، فەرهەنگی شێخانی(کوردی-کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەىخانى-دهۆك.

١١- فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٥)، زمان لەڕیکلامی کوردیدا، دکتۆرا، ز.سلێمانی.

١٢- لارس مێلین، (٢٠١٠)، و.غازی عەلی خورشید، سایکۆلۆژیی زمان، چاپخانەی سپیرێز- دهۆك.

١٣- محەمەد رەزا باتینی، (٢٠١٢)، چەند بابەتێکی زمانەوانیی نوێ، و؛هێرش کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی.

١٤- محەمەدی مەحوی ،(٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان ، بەرگی یەکهەم، سلێمانی.

١٥- محەمەد مەحوی و کاروان عومەر قادر و شـــیلان عومەر حســـەین، (٢٠١٠)،دروســـتەی کردار بنەماو دیاردە، زانکۆی سلێمانی- سلێمانی.

١٦- مەجدی کامیل، (٢٠١٤)، و.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ئەرستۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.

١٧- هۆگر مەحمود فەرەج، (١٩٩٣)، بوارە واتاییەکان، ماستەر،ز.سەلاحەدین.

١٨- هـــــ .د.ویدۆوســـن، (٢٠٠٨)، و.لە ئینگلیزییەوە:د.هۆشـــەنگ فاروق، ســـەرەتایەك بۆ زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی (دهۆك).

١٩- یوسف شەریف سەعید، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی:**

٢٠- ابي منصور الثعالبي، (١٩٥٤)، فقه اللغة و سر العربية،تحقيق؛مصطفى مصطفى السقا واخرين، الطبعة الثانية، مطبعة مصطفى البابي الحلبي واولاده-بصرة.

٢١- اثير الدين الابهرى، مغني الطلاب ، الطبعة..، استانبول ،- ١٩ .

٢٢- ميلكا افيتش، (٢٠٠٠)، ترجمه ســـعد عبدالعزيز و وفاء كامل ، اتجاهات البحث اللســـاني ، ط٢ ، المجلس الاعلى للثقافة.

٢٣- لطيفة إبراهيم النجار،(٢٠٠٤)، آليات التصـنيف اللغوي بين علم اللغة المعرفي والنحو العربي، مجلة جامعة الملك سعود،م١٧،الآداب(١)،ص١-٢٥ (١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م )، جامعة الإمارات العربية المتحدة، العين ، ص.ب ١٧٧٧١.

٢٤- ينس الوود و..،(٢٠١٢)، ترجمه وتقديم عبدالمجيد جحفه، المنطق في اللسانيات، دار الكتاب الجديد المتحدة.

٢٥- جورج يول، (١٩٩٥)، ترجمة؛ محمود فراج عبدالحافظ، معرفة اللغة، دار الوفا لدنيا الطباعة والنشر- اسكندرية.

26. Armstrong, Sharon Lee, Lila Gleitman and Henry Gleitman,(1983), 'What some concepts might not be', Cognition, 13, 263–308.

27. Azad Hasan Fatah& Zeki Hamawand,(2014), A Prototype Approach to Kurdish Prefixes; International Journal on Studies in English Language and Literature (IJSELL) Volume 2, Issue 10, October 2014, PP 37-49 ISSN 2347-3126 (Print) & ISSN 2347-3134 (Online) www.arcjournals.org.

28. Barsalou, Lawrence, (1983,) 'Ad-hoc categories', Memory and Cognition, 11: 211–27.

29. COHEN H & LEFEBVRE C, (2005), HANDBOOK OF CATEGORIZATION IN COGNITIVE SCIENCE, Elsevier Ltd. All rights reserved.

30. Evans, V. and Green,M.(2006), Cognitive Linguistics (An Introduction), Edinburgh University Press, Graet Britain.

31. F. Ungerer & H. J. Schmid,(1997) , An Introduction to Cognitive Linguistics ,( London & New York Longman 1997).

32. Geeraerts, D, (1988), Katz revisited: aspects of the history of lexical semantics. In Understandingthe Lexicon, Werner Hüllen and Rainer Schulze (eds.).
33. Geeraerts, D., , Rene, D. and Taylor,J., John.(2006), Cognitive Linguistics (Basic Readings), Mouton de Gruter publisher.
34. John R. Taylor,(1995), Linguistics Categorization : Prototypes in Linguistic Theory ,(Oxford, Oxford University Press).
35. John R.Taylor, (2008), Linguistics Categorization:Prototypes in Cognitive Linguistics, Handbook of cognitive linguistics and second language acquisition/by Peter Robinson and Nick C. Ellis. (Oxford, Oxford University Press , 2008)39-65.
36. J.L.Austin, Philosophical Papers, (1979), Oxford-Oxford University Press .
37. Katz, J, and Paul P. (1964). An Integrated Theory of Linguistic Descriptions.Cambridge: Mit Press.
38. Labov, W. (1973). The boundaries of words and their meanings. In C.-J. Bailey &R. W. Shuy (eds.), New ways of analyzing variation in English (pp. 340–372).Washington, DC: Georgetown University Press. Reprinted in Aarts et al.(2004), 67–89.
39. Lakoff, G,(1987), Women, Fire and Dangerous Things: What Categories Reveal About the Mind. Chicago: University of Chicago Press.
40. Lakoff, G, (1990)‘The invariance hypothesis: is abstract reason based on image schema, Cognitive Linguistics,1,1, 39–74.
41. Lakoff, G and Mark Johnson,(1980), Metaphors We Live by. Chicago: Chicago University Press.
42. Laurence, S and Eric M, (1999), ‘Concepts and cognitive science’, in E.Margolis and S. Laurence (eds), Concepts: Core Readings. Cambridge, MA: MIT Press, pp. 3–81.
43. Pieter, M,( ,2005), A Modular Approach to Grammatical Categories ; Hand Book of Categorization in Cognitive Scince, Edited by Henri Cohen, Universite du Quebec a Montreal, Quebec, Canada and Claire Lefbvre, Universite du Quebec a Montreal, Quebec, Canada:48-68.
44. Raymond W. Gibbs,Jr,(1998),"The Fight Over Metaphor in Thought and Language" ,In: Figurative Language and Thought ,(Oxford, Oxfard University Press,1998) .
45. Rosch, E, and Caroline M,(1975),‘Family resemblances: studies in 9/*vb.
46. Wittgenstein,L.(1958),PhilosophischeUntersuchungen,trans. G.E.M.Anscombe as Philosophical Investigations,3rd edn.1999. Harlow, London: Prentice Hall.
47. http://www .raosoft.com/samplesize.html
48. http://dqsy.net/jpk/yyyyx/netclass/1022.jpg
49. http://www.alsabaah.iq/ArticleShow



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**پاشکۆ**

زانکۆی سۆران
فاکەلتیی ئاداب
بەشی کوردی

ژمارەی فۆرم ( )
ڕێکەوتی پڕکردنەوە: / /٢٠١٥

فۆرمی ڕاپرسیی ژمارە(١)

بەشداربووی بەڕێز ...

ئەم پرسیارنامەیەی لەبەر دەستتدایە، بۆ توێژینەوەیەکە لە بواری زمانەوانیدا، ئامانجی توێژینەوەکە کۆکردنەوەی زانیارییە سەبارەت بە "پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا ". سوپاس بۆ هاوکاریتان و ئەو کاتەی کە تەرخانی دەکەن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. دڵنیابن لەوەی پرسیار و زانیارییەکانتان بەنهێنی دەمێننەوە و پارێزراو دەبن و تەنها بۆ مەبەستی زانستی سوودیان لێ وەردەگیرێت. ئێوەی بەشداربوو وەك خۆبەخشێك لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئازادن لە هەڵبژاردنی وەڵامی پرسیارەکان و وەڵامی پرسیارەکانیش زۆر بە بایەخن لەم توێژینەوەیەدا.

سوپاس بۆ هاوکاریتان و ئەم کارە خۆبەخشییە.

سەرپەرشتی لێکۆڵینەوە
پ.ی.د.کاروان عومەر قادر

لێکۆڵەر
ڕێبوار ئەحمەد نەبی

تێبینی:

١.پێویست بە ناونووسین ناکات.

٢. زانیارییەکان تەنها بۆ مەبەستی زانستی بەکاردەهێنرێن.

٣.تەنها یەك وەڵام هەڵبژێرە.

<u>زانیاریی گشتی</u>

١.تەمەن: ( ) ساڵ ٢.ڕەگەز: نێر ( ) مێ ( )

٣. ئاستی خوێندەواری: ا- خوێندن و نووسین:( ) ب- بڕوانامە: سەرەتایی ( ) ناوەندی( ) ئامادەیی ( ) پەیمانگا ( ) کۆلێژ ( ) خوێندنی باڵا ( )

٤. پیشە: کاسب ( ) خوێندکار ( ) مامۆستا ( ) پیشەی تر ( )

<u>زانیاریی تایبەت</u>: لە تەوەری یەکەم و دووەم بە دانانی نیشانەی(√) وەڵام بدەوە:

<u>تەوەری یەکەم:</u>

١- بەبیستنی وشەی "سەوزە" کامە لەمانەی خوارەوەت یەکەمجار دێتە بەرچاو؟

کەرەوز ( ) دۆراغ( ) تەرەتووله ( ) کەلەرم ( ) کەوەر ( ) هیتر ( )

<u>تەوەری دووەم:</u>

١-بیستنی وشەی کوپ"CUP" سەرەتا کامە لەم وێنانەی خوارەوەت دێنێتە بەرچاو؟



(a) (b) (c) (d) (e)

( ) ( ) ( ) ( ) ( )

٢-چ کەرەستەیەك دەبێت بە هێما و وەك پۆل ئەم شێوانەی سەرەوە کۆدەکاتەوە ؟

کوپ ( ) فنجان ( ) کوپ و فنجان( ) کاسە( ) دەفر( ) هیتر( )

<u>تەوەری سـێیەم</u>:واژەی (خانە) مانای چی دەگەیەنێت؟ و بۆچی بەکاردێت ؟ لە ڕوانگەی خۆت و بەپێی زانیاریت واتاکەی بنووسە(بەنموونەهێنانەوەوە باشترە).

**<u>وشە</u>** **<u>واتا</u>**

خانە :

سوپاس بۆ بەشداریکردنتان

سەرپەرشتی لێکۆڵینەوە
پ.ی.د.کاروان عومەر قادر

لێکۆڵەر
ڕێبوار ئەحمەد نەبی